# نامەی پۆڵس بۆ فلیمۆن

[1] لە پۆڵسەوە کە لە پێناوی عیسای مەسیح بەند کراوە، هەروەها لە
تیمۆساوسی برامانەوە،

بۆ هاوکار و خۆشەویست فلیمۆن و [2] خوشکە ئەپفییە و ئەرخیپۆس کە
سەربازە لەگەڵمان، هەروەها بۆ ئەو کڵێسایەی لەماڵەکەتدا کۆدەبنەوە:

[3] با نیعمەت* و ئاشتی لە خودای باوکمان و عیسای مەسیحی خاوەن
شکۆوە لەگەڵتان بێت.

## خۆشەویستی و باوەڕی فلیمۆن

[4] هەمیشە سوپاسی خودام دەکەم کاتێک لە نوێژەکانمدا ناوی تۆ دەهێنم،
[5] چونکە باوەڕی تۆ بە عیسای خاوەن شکۆ و خۆشەویستی تۆم بۆ هەموو
گەلی پیرۆزی خۆی بیستووە. [6] نوێژ دەکەم کە باوەڕی هاوبەشمان
کاریگەر بێت لە زانینی هەموو چاکەیەک کە لە پێناوی مەسیحدا بەشداری
دەکەین. [7] ئەی برا، بەهۆی خۆشەویستیتەوە زۆر شادبووم و هاندرام، لەبەر
ئەوەی بەهۆی تۆوە دڵی گەلی پیرۆزی خودا گەشایەوە.

## داواکاری پۆڵس

[8] بۆیە هەرچەندە بە یەکبوون لەگەڵ مەسیحدا مافی ئەوەم هەیە بۆ ئەرکی
بەجێ فەرمانت پێ بکەم، [9] بەڵام لەبەر خۆشەویستی نێوانمان، منی پۆڵسی
پیرەمێرد، ئێستا کە لە پێناوی عیسای مەسیح گیراوم، [10] داواکارییەکم

* **1:3** خودا نیعمەت بە مرۆڤ دەبەخشێت، بە واتای بەخشینێکی خودایە کە بەبێ ئەوەی
شایستەی بین خودا پێمان دەبەخشێت.

لێت هەیە سەبارەت بە ئۆنسیمۆسی† کوڕم، ئەوەی لە بەندیخانە لە ڕێگەی
منەوە باوەڕی هێنا. 11 پێشتر بۆ تۆ بێ کەڵک بوو، بەڵام ئێستا کەڵکی
بۆ من و بۆ تۆ هەیە.

12 ئەو دەنێرمەوە لات، کە جگەرمە. 13 حەزم دەکرد لەلای خۆم
بیهێڵمەوە، تاکو لە جیاتی تۆ خزمەتی منی کۆت و بەندکراو لە پێناوی مزگێنیی
مەسیح بکات. 14 بەڵام نەمویست بێ ڕەزامەندیی تۆ هیچ شتێک بکەم،
تاکو چاکەکەت بە خواستەوە بێت نەک بە ناچاری. 15 لەوانەیە لەبەر ئەمە
بووبێت بۆ ماوەیەک لێت دوور کەوتەوە، تاکو بۆ هەتاهەتایە بگەڕێتەوە
لات، 16 جا لە ئەمڕۆ بەدواوە کۆیلە نییە، بەڵکو لە کۆیلە باشترە، برایەکی
باوەڕداری خۆشەویستە. ئەگەر برایەکی خۆشەویست بێت بۆ من، ئاخۆ
چەند زیاتر دەبێت بۆ تۆ، کە بە لەش وەک مرۆڤ و بە یەکبوون لەگەڵ
مەسیحدا وەک برا هاوبەشن.

17 لەبەر ئەوە، ئەگەر تۆ من بە هاوبەش دادەنێیت، وەک من
وەریبگرەوە. 18 ئەگەر خراپەیەکی لەگەڵ کردوویت یان قەرزێکت
بەسەرییەوە هەیە، لەسەر منی بنووسە. 19 من پۆڵسم، بە دەستی خۆم
نووسیومە، من دەیدەمەوە. نامەوێ پێت بڵێم تۆ خۆشت قەرزاری منی.
20 برا گیان، لە پێناوی عیسای خاوەن شکۆمان ئەم چاکەیەم لەگەڵ بکە،
بە مەسیح دڵخۆشم بکە. 21 ئەمەت بۆ دەنووسم، چونکە دڵنیام گوێڕایەڵ
دەبیت و دەزانم کە زیاتر لەوە دەکەیت کە داوات لێدەکەم.

## سڵاوی کۆتایی

22 لەگەڵ ئەمەشدا، ژووری میوانداریم بۆ ئامادە بکە، چونکە هیوادارم
بەهۆی نوێژەکانتانەوە بە ئێوە ببەخشرێم.

---

† **1:10** ئۆنسیمۆس: ناوەکەی لە زمانی یۆنانی واتە بە کەڵک (سوودبەخش).

23 ئەپەفراس کە لە پێناوی عیسای مەسیحدا‡ لەگەڵ مندا بەند کراوە،
سڵاوت لێدەکات.
24 هەروەها مەرقۆس و ئەریستارخۆس و دیماس و لۆقا، کە هاوکارمن.

25 با نیعمەتی عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ لەگەڵ ڕۆحتان بێت.

‡ **1:23** لە پێناوی عیسای مەسیحدا لە زمانی یۆنانیدا )لە مەسیحدا( بەکارهاتووە.

# Biblica® وەشانی پێبەرامبەری کوردیی سۆرانیی ستاندەر
## Kurdish, Central: Biblica® وەشانی پێبەرامبەری کوردیی سۆرانیی ستاندەر (Bible)

© 2020.

Language: سۆرانی کوردی (Central Kurdish)

Biblica® Open Kurdi Sorani Standard Version™
Copyright © ,1998 2011, 2016, 2020 by Biblica, Inc.
“Biblica” is a trademark registered in the United States Patent and Trademark Office by Biblica, Inc. Used with permission.
All content on open.bible is made available under a Creative Commons Attribution-ShareAlike 4.0 License (http://creativecommons.org/licenses/by-sa/4.0/).
You are free to:
Share — copy and redistribute the material in any medium or format
Adapt — remix, transform, and build upon the material for any purpose, even commercially
Under the following conditions:
Attribution — You must attribute the work as follows: “Original work available for free at www.biblica.com and open.bible” Attribution statements in derivative works should not in any way suggest that we endorse you or your use of this work.
ShareAlike — If you remix, transform, or build upon the material, you must distribute your contributions under the same license as the original.
Use of trademarks: Biblica® is a trademark registered in the United States Patent and Trademark Office by Biblica, Inc. and may not be included on any derivative works. Unaltered content from open.bible must include the Biblica® trademark when distributed to others. If you alter the content in any way, you must remove the Biblica® trademark before distributing your work.
This translation is made available to you under the terms of the Creative Commons Attribution Share-Alike license 4.0.
You have permission to share and redistribute this Bible translation in any format and to make reasonable revisions and adaptations of this translation, provided that:
You include the above copyright and source information.
If you make any changes to the text, you must indicate that you did so in a way that makes it clear that the original licensor is not

necessarily endorsing your changes.

If you redistribute this text, you must distribute your contributions under the same license as the original.

Pictures included with Scriptures and other documents on this site are licensed just for use with those Scriptures and documents. For other uses, please contact the respective copyright owners.

Note that in addition to the rules above, revising and adapting God's Word involves a great responsibility to be true to God's Word. See Revelation 22:18-19.

2021-04-09

---

PDF generated using Haiola and XeLaTeX on 21 Feb 2024 from source files dated 29 Jan 2022

b27f70b0-86f8-5719-bd79-8ef417eb0c62